# خویندنەوەیەکی شیکاری بۆ هزری نەتەوەیی لە ژیان و بەرهەمەکانی دڵدار دا

**نووسینی: د. سالار عەزیز مەحمود**

**پێشەکی**

دڵدار (١٩١٨-١٩٤٨) وەک شاعیرێکی کورد لەناو گەلەکەیدا ژیاوە و بە هۆی سرودی (ئەی رەقیب) لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە ناسراوە و سرودەکەی وەک سرودێکی نەتەوەیی تەماشا دەکرێت. ئەو هەرچەند بە تەمەن کەم ژیا، بەڵام لە پاش خۆی یادداشتەکانی و چەندین بەرهەمی شیعری و پەخشانی بەجێ هێشتووە. ئەگەر لێکۆڵینەوەی وردی بۆ بکرێت بەشێکی بیروڕا و بۆچوونەکانیمان بۆ ئاشکرا دەبێت. دڵدار نەک لە بواری شیعری نەتەوەییەوە پێشەنگ بووە، بەڵکو لە بواری نووسینی وتار لە بوارە جۆراوجۆرەکان و هۆنینەوەی شیعری فەلسەفی و رەخنەییش دەستێکی باڵای هەبووە.

لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەش پێک دێت. بەشی یەکەمییان بریتییە لە دوو تەوەر: تەوەری یەکەم بە کورتی باس لە چەمک و پێناسە و سەرهەڵدان و جۆرەکانی هزری ناسیونالیستی (نەتەوەیی) دەکات لە دید و بۆچوونی چەند نوسەرێکی ئەوروپییەوە. ئینجا لە تەوەری دووەم باس لە سیما و تایبەتمەندی و ئامانجەکانی ئەو هزر و ئایدیایە دەکات لە لای کورد، بە تایبەتی مێژوو و سەرهەڵدانەکەی. هەروەها رەنگدانەوەی ئەو هزرە لە شیعردا چۆن خۆی نواندووە، بەتایبەتی لای ئەحمەدی خانی.

لە بەشی دووەمدا کە بەشی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەیە، چەند تەوەرێک دەگرێتە خۆی. هزری نەتەوەیی دڵدار لە قۆناغی منداڵی و نەوجەوانیدا یەکێکە لەو تەوەرانە و هەوڵ دەدرێت هۆکارەکان و لێکەوتەکانی باس بکرێت لە بواری رەفتاری و پەروەردەییدا و چۆن هاوشانبووە لەگەڵ هزرە رەخنە ئاینییەکەی و فەلسەفییەکەی. هەروەها بە پێی دەرفەت روماڵێکی هەندێک لە وتار و نووووسینەکانی هەندێک لە نووسەر و مێژوونووسانی ئەدەبی کوردی دەکات دەربارەی هزری نەتەوەیی دڵدار. ئینجا هەوڵی ئەوە دەدات وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە: بە چ هۆکارێک دڵدار بۆتە هەڵگری ئەو ئایدیایە؟ ئایا ئەگەر تەمەن درێژتر بووبا هەمان ئایدیای دەبوو، یا گۆڕانی بەسەردادەهات؟ بە شێوەیەکی گشتی لێکۆڵینەوەکە گەشتێکی کورت دەکات بەناو بەرهەمە شیعری و پەخشانییەکانی دڵدار و بە پێی توانا و دەرفەت شیکردنەوە و لێکدانەوەی بۆ کراوە.

دوا تەوەری لێکۆلینەوەکە بریتییە لەوەی لەپاڵ هزرە نەتەوەییەکەی دڵدار کە زۆر باس کراوە، شیکارییەک بۆ هزری فەلسەفی و رەخنە ئایینییەکەی کراوە و لە کۆتاییشدا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە لە چەند خاڵێک خراوەتە روو.



**بەشی یەکەم**

**هزری نەتەوەیی, چەمک و پێناسە:**

هزری نەتەوەیی (Nationalism) یا میللی گەرایی جۆرە بیرکردنەوە و هەستێکی تایبەتە کە کەسێک یا کۆمەڵەیەک شانازی پێوە دەکات و دەیکاتە ڕێباز و بەرنامەیەک بۆ ئازادی گەلەکەی تا دەگاتە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی. هزری نەتەوەیی لە کاتێکدا لە سیاسەت و خەباتی پارت و ڕێکخراوەکاندا بەرنامەی بۆ داڕێژراوە و کاری بۆ کراوە، لە هەمان کاتدا لە ئەدەبیشدا ڕەنگی داوەتەوە. ((لەراستیدا تەنیا لە ماوەی سەدەی رابردوودا تێرمی نەتەوەخوازی ئەو کۆمەڵە مانایانەی وەرگرت کە ئێمە ئیمرۆ دەیانزانین. گرنگترین ئەو مانایانە ئەمانەن:

١- پرۆسەی پێکهاتن یان گەشەکردنی نەتەوە.

٢- بەها، هۆشیاری سەر بە نەتەوەبوون.

٣- زمان و سیمبۆلیزمی نەتەوە.

٤- بزوتنەوەی سیاسی و کۆمەلایەتی لە بری نەتەوە.

٥- باوەڕ(doctrine) وە یان ئایدیۆلۆجی لەهەردوو باری گشتی و تایبەتیدا)) (ئەنتۆنی دی سمیس،٢٠٠٤، ل١٤).

هەر دەربارەی هزری نەتەوەیی, دەکرێت بگوترێت کە پەیوەندییەکی توند و بەهێز و نەپچڕاوی هەیە لەگەڵ زمان وناسنامە و دەوڵەتی نەتەوەییەوە .

((ئایدیۆلۆجی نەتەوەخوازی نقووم بوون لە کەلتوری نەتەوەدا دەخوازێ. پەیبردن (rediscovery) بە مێژووەکەی و بوژانەوەی زمانە میللیەکەی لە ڕێگەی بوارەکانی فیلۆلۆجی و لیکسیکۆگرافی و برەودان بە کەلتور، بە تایبەتی دراما و هۆنراوە و وەگەڕخستنەوەی هونەر و پیشە دەستییەکان و مۆسیقا و هەڵپەڕکێ و گۆرانی فۆلکلۆری))( ئەنتۆنی دی سمیس:١٦)، بە کارە هەرە پێشینەکانی خۆی دەزانێ.

لە (لغت نامەی دهخدا) ناسیونالیسم بەوە پێناسە کراوە کە: (( خۆشەویستییەکی رادەبەدەری کەسێک یا کۆمەڵێکە بۆ نەژاد و فەرهەنگ و زمان و هەموو تایبەتمەندییەکانی میللەت و قەومیەتییەکەی خۆی))(www.vajehyab.com / ٢٣-١٢-٢٠١٧). وەک زاراوەیەکی سیاسیش بریتییە ((لەو بیرکردنەوەی کە پێی وایە میللەتێک بە بەراورد لەگەڵ میللەتانی تردا باشترە و پێویست دەکات تاکەکانی ئەو میللەتە وەفادارییەکی ڕەهایان بۆ هەبێ)) (www.vajehyab.com / ٢٣-١٢-٢٠١٧). هزری نەتەوەیی دوو ئاڕاستەی جیاوازی هەیە. یەکێکیان بیرکردنەوەیەکی تەسک و دەمارگیریەکی بێ سنورە بەرەو یەک زمانی و یەک میللەتی تا دەگاتە ئاستی نەژاد پەرستی(racism). ئەمەش زۆر ترسناکە چ بۆ نەتەوەکە خۆی و چ بۆ نەتەوەکانی دەوروبەری. ئەوی دیکەشیان بە ئاڕاستەی بەشداری کردنە لە بۆتە جیهانییەکەیدا بە سوود وەرگرتن لە شارستانییەتی مرۆڤایەتی لە چوارچێوەی نەتەوەکەی خۆی و ڕێزگرتنە لە فرە کولتوریی و فرە زمانی. هەروەها بڕوابوونە بەوەی کە ئیمرۆ لە جیهاندا هیچ نەژادێکی پاکی سەد دەر سەدی نەتەوەیەک بوونی نییە.

هەڵگری ئەم ئایدیایە ئەگەر شاعیر بێت، بێگومان بە ڕوونی لە شیعرەکانیدا دەردەکەوێ. ئەمەش بۆ پەیوەندی بەهێزی نێوان ئەدەب و ئایدیۆلۆجیا دەگەڕێتەوە، کە دەیەوێت لە ڕێگای ئەدەبەوە

خزمەت بە بەرژەوەندی ئایدیایەکەی بکات بۆ گەیشـــتن بە ئامانج و بەدیهێنانی ئاواتەکان و کارتێکردن لە خوێنەران و هەوادارانی. ڕێباز و هزری نەتەوەیی ڕێک پێچەوانەی ڕێباز و هزرێکی دیکەیە کە بە ناونەتەوەیی (ئینتەر ناســیونالیســم) ناســراوە و لایەنگیرانی لەگەڵ لابردنی تەواوی سنورەکانی نێوان ولاتانی جیهانن.

سەرهەڵدانی هزری نەتەوەیی:

ڕێباز و هزری نەتەوەیی وەک تیۆر و قوتابخانەیەکی سیاسی بە هەمان شێوەی زۆربەی تیۆر و قوتابخانەکانی دیکەی سیاســی و ئەدەبی و هونەری لە ڕۆژاوای ئەورووپاوە ســەری هەڵداوە. دوو بیروبۆچوونی جیاواز هەیە دەربارەی دیاریکردنی مێژووی ســەرهەڵدانی هزری ناســیونالیســتی. یەکەمیان پێی وایە کە ناسیۆنالیزم لە دەستپێکی سەدەی حەڤدەی زایینی لە ئەوروپا سەری هەڵدا و تـا ســـەدەی هەژدەی زایینی درێژەی هەبووە و لەو مـاوەیەدا دامەزرانـدنی ئەو دەوڵەتـانەی لێکەوتۆتەوە کە ئیمرۆ ئێمە دەیانبینین و دەیانناسین(ckb.wikipedia.org, ٢٣-١٢-٢٠١٧). ئەوەی دیکەیان پێی وایە لەگەڵ ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری و شۆڕشی فڕەنسی سەری هەڵداوە.

**جۆرەکانی هزری نەتەوەیی:**

دابەش کردنی هزری نەتەوەیی بەســەر جۆرەکاندا لە نوســەرێکەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازە. بۆ نمونە نووســەر هەیە لەســەر بنچینەی ناوچەکان دابەشــی کردووە و جۆرەکانی دیارکردووە. وەک: ناسیونالیسمی دابەشـکراوی ئەوروپی و ناسـیۆنالیسـمی ڕەشـی ئەفریقی و ناسـیۆنالیسـمی دژە ئیمپریالیزمی ئاسیایی و ناسیۆنالیسمی کۆمەلانی خەڵکی ئەمریکای لاتینی و ناسیۆنالیسمی بەڵێن پێدراوی یەکیەتی سـۆڤیەت. جۆرەکەی تر ناسـیۆنالیسـم دابەش دەکات بۆ ڕۆژاوایی کە ئیلهام لە ڕۆحی ڕۆشـــنگەری وەردەگرێ، وە ڕۆژهەلاتی کە خەریکی ڕەتکردنەوەیەتی. هەنـدێکی دیش ناسـیۆنالیسـم دابەش دەکەنە سـەر ناسـیۆنالیسـمی یەکیەتی بەخش و ناسـیۆنالیسـمی ئاژاوەگێر و ناسیۆنالیسمی هێرشبەر و ناسیۆنالیسمی هاوچەرخ (اوموت اوزکرینلی،١٣٨٤، ل ١٥٥).

**هزری نەتەوەیی کوردی (ناسیونالیستی): مێژووی سەرهەڵدانی، ئامانجەکانی، ڕەنگدانەوەی لە شیعری کۆندا .**

ئەم هزرە لەناو کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بە (کوردایەتی)یش ناسراوە. ((ناسیۆنالیستی کوردی وەک ناسیۆنالیستی نەتەوەکانی تر ... پەرۆشی بنیاتنانی مێژوو، پێناس، کولتوور و زمانێکی کوردی هاوبەشن))( ئۆفرا بینگیۆ،٢٠١٣، ل ١٧).

ســەرهەڵدانی هزری نەتەوەیی کوردی بە چەمکە نوێکەی وەک ڕێبازێکی فکری و ســیاســی و کۆمەلایەتی مێژوویەکی کۆنی نییە. ئەمەش بۆ چەنـد هۆکـارێـک دەگەڕێتەوە. وەک : داخراوی ســنوری نیشـــتمانەکەی و فرە دیالێکتی و فرە ئاییني و ئایینزایی پێکهاتەی نەتەوەی کورد و دابەشـــبوونی بەســـەر پانتاییەکی گەورەی جوگرافی چەند ولاتێکی ناوچەکە و هەروەها بەهۆی زاڵبوونی هەســتی ئاینی و هەســتی خێڵگەرایی بەســەر هەســتی نەتەوەییدا. دواتر بە تێپەڕبوونی ڕۆژگـار و بەهۆی ڕووداوە گەورەکـانی نـاوچە و جیهـان و بڵاوبونەوەی خوێندەواری و ((لەگەڵ گۆڕان و وەرچەرخانی کۆمەلایەتی و ســـەرهەڵدانی بنیادی کۆمەلایەتی نوێ و هاتنە پێشـــەوەی مەعریفەی زانســتی لە کوردســتان، هۆشــیاری نەتەوەیی کوردیش وردە وردە دروســت دەبوو و

گەلاڵەی دەکرد. لە راستی لانادەین گەر بڵێین زانایانی گەورەی سەرەتای سەدەی بیستەم: تۆفیق وەهبی، محەمەد ئەمین زەکی، رەفیق حیلمی، پیرەمێرد، بێکەس... هتد بە بەرهەمە زانستی و ئەدەبییە نایابەکانیانەوە دەورێکی باڵایان لە دروستبوون و پەرەپێدانی هۆشیاری نەتەوەیی کورد بینیوە- کە دەرئەنجامەکەی پێکهاتەی حیزبی سیاسی نەتەوەیی، وەکو رێکخراوەیەکی کۆمەڵایەتی- سیاسی سەردەمانەی لێکەوتەوە و ئەمەش وایکرد کورد وەکو نەتەوەیەک خۆی بنوێنێ)) ( د. رەشاد میران،٢٠١٠، ل٤١).

هەندێک ئەکادیمیستی تری کورد هزری ناسیونالیستی کورد بەسەر دوو قۆناغدا دابەش دەکەن:

١- ناسیۆنالیستی دەرەبەگی کە لە ئەنجامی شەڕی نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەویدا لە سەدەی حەڤدەدا سەری هەڵدا.

٢- ناسیۆنالیستی بورژوازی یا چینی ناوەند کە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە سەری هەڵدا (ئۆفرا بینگیۆ: ١٧).

لە ئامانجە هەرە دیارەکانی هەست و هزری نەتەوەیی کورد (( هۆشیاری نەتەوەیی ئەندامەکانیانە کە ناسنامەی نەتەوەییان دیار دەکات. هۆشیاری نەتەوەییش، بە هەمان جۆری هۆشیاری کۆمەڵایەتی، پەیوەندی بە باری فیکری و مەعریفی ئەندامانی کۆمەڵگا و نەتەوەکەوە هەیە))( د. رەشاد میران: ٣٩).

لە شیعری کۆنی کوردیدا سەرەتای سەرهەڵدان و پەیدابوونی جۆرە هزرێکی سادەی نەتەوایەتی لە دیباچەکەی داستانی عیشقی مەم و زینی ئەحمەدی خانیدا دەردەکەوێ؛ کاتێ کە گلەیی دەکات و رەخنە لە گەلی کورد دەگرێت بەوەی کە لەناوخۆیاندا رێکەوتنێک نییە بۆ خۆ ئاراستەکردن. ئەگەر رێککەوتن هەبێت ئەوا ستونەکانی ئایین و دەوڵەتیان بنیات دەنا و زانست و حیکمەتیان بەدەست دەهێنا و لەئەنجامدا گەلانی دراوسێ هەموویان لە ژێر فەرمانی کورد دەبوون:

گەر دێ هەبوا مە ئیتفاقەک ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەک
تەکمیل دکر مە دین ودەولەت تەحصیل دکر مە علم و حکمەت
رۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی هەمیان ژمەڕا دکر غولامی

(جان دوست،٢٠٠٨، ل١٤٣)

دیارە ناوەرۆک و پەیامی ئەم جۆرە شیعرانە کە هەست و دەربڕینێکی نەتەوەییانەی تێدایە کاریگەری لە سەر شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی و ئەسیری و بێکەس ودڵدار و شاعیرانی دیکەش داناوە.

## بەشی دووەم

### هزری نەتەوەیی لە قۆناغی منداڵی و نەوجەوانی دڵدار: هۆکارەکانی سەرهەڵدان و دروستبوونی و لێکەوتەکانی

خۆشبەختانە دڵدار یەکێکە لەو چەند شاعیرە کوردە بە ژمارە کەمانەی کە ژیاننامەی خۆیان نووسیوەتەوە. ئەو بە زمانێکی سادە و رەوان بەسەرهات و رووداوەکانی ژیانی منداڵی و نەوجەوانی خۆی نووسیوەتەوە. بە داخەوە بە هەر هۆکارێک بووبێ نەیتوانیوە بەردەوام بێت لە نووسینەوەی قۆناغی خوێندکاری لە زانکۆ و قۆناغە پێشەییەکەدا. بۆیە بۆ زانینی قۆناغی ژیانی زانکۆیی ناچارین پشت ببەستین بە سەرچاوەی دی، وەک: قسە و نووسینی برادەر و هاوپۆلەکانی.

دڵدار لە بنەماڵەیەكی ئاینی پەروەردە بووە و باوكی لایەنگیرێكی دەوڵەتی عوسمانییەكان بوو و بۆ ماوەیەك رەتی كردۆتەوە وەزیفەی حكومی لە ئینگلیزەكان وەربگرێ. لە كاتی هاتنی ئینگلیزەكان و تێكشكانی عوسمانییەكان بە توندی دژی ئینگلیزەكان بوونە و لە ئەنجامدا خێزانەكەی پەراگەندە بووە. ئەگەر شیكردنەوەیەكی دەروونی بۆ قۆناغی منداڵی دڵدار بكەین، دەردەكەوێت كە ( هەر لە منداڵییەوە بە خۆكۆنترۆڵ كردن پەروەردەكراوە و لە ژینگەیەكی پڕ لە غەم و ئەندوهدا ژیاوە و خەیاڵاتی بووە و زۆر جاران لەگەڵ خۆیدا دواوە) (عەبدالخالق علاء الدین،١٩٨٥،ل١٧-١٨).

دڵدار هەروەكو لە ژیاننامەكەیدا باسی دەكات زۆری حەز لە خوێندنگە بووە و لە تەمەنی منداڵیدا گفتۆگۆیەكی دەربارەی كوردایەتی كە ئەو ناوی لێناوە نیشتمانپەروەری لەگەڵ براكەی ئەنجام داوە و بۆ یەكەمجار زانیویەتی ئەگەر لێی بپرسن تۆ چیت، لە وەڵامدا بڵێت من كوردم. ئەگەر چی دڵدار زۆر لە ژێر كاریگەری ئەم گفتۆگۆیەدا بووە و بڕیاری داوە رقی لە گەلانی دی بێتەوە، بەڵام ئەمە زۆری نەخایاندووە، چونكە كچە خاڵەكەی بیروڕاكەی بە تەواوی پێگۆڕیوە بۆ باوەڕێكی ئاینی بەوەی كە مەلیك فەیسەڵ كوڕی حەزرەتی حوسێنە و زۆر پیرۆزە و نابێ وێنەكەی فڕێ بدرێتە سەر زەوی، بەڵكو دەبێ ماچی بكات. ئەگینا كوێربوون چارەنووسی دەبێت (عبدالخالق علاء الدین: ٢٥-٢٦).

لێرەدا دڵدار لە تەمەنی (٧-٨) ساڵییەوە دەكەوێتە نێوان دوو هەڵوێستی زۆر جیاواز و پارادۆكسێكی سەیر لە نێوان كوردایەتی و بیروباوەڕی ئاینییەوە. لە كۆتاییدا بڕیار دەدات كە بیروباوەڕی یەكەم هەڵبژێرێت و حەزی كردووە پڕ بە دڵ هاوار بكات و بڵێ: من كوردم ... من كوردم. دڵدار رووداوێكی دیكەمان بۆ دەگێڕێتەوە كاتێ كە لە لایەن برادەرێكی برایەوە فەرمانی پێدەدرێت لەگەڵ برادەرەكانی لە قوتابخانەدا گرووپێك پێكبهێنن بە ناوی (بەچكەشێرانی كورد) و داوا لە قوتابیان بكەن بێنە ناو گرووپەكەیان، هەر كەسێكیش گوتی من كورد نیم بە مشتە كۆڵە لێیبدرێت و هەڕەشەی لێبكرێت. دڵدار بە دڵ و گیان فەرمانەكەی جێ بە جێ كردووە، بەڵام لە قوتابخانەدا ئاژاوە دروست دەبێ و بە هۆی زۆری سكاڵاوە بەرێوەبەر ناچار دەبێت فەرمان بدات ئەم گاڵتەجارییە كۆتایی پێبێنێت، ئەگینا ئەو قوتابییانەی ئەم كارە لە قوتابخانەدا ئەنجام دەدەن دەردەكرێن. بەم شێوەیە ئارامی بۆ ناو قوتابخانە دەگەڕێتەوە (عەبدالخالق علاء الدین: ٣٣).

ئەگەر شیكارییەك بۆ ئەم رووداوە بكەین، بۆمان دەردەكەوێت ئەو ئەركەی بە دڵدار سپێردراوە چەند كارێكی نارەوا و ناشارستانی بووە و دوور بووە لە هەموو پێوەرێكی پەروەردەیی. هەروەها لێزانی و ئاستی هۆشیاری بەرێوەبەرەكەشمان بۆ روون دەبێتەوە كە چۆن زیرەكانە توانیویەتی كۆتایی بەو كۆمیدیایە بهێنێت.

هەڵوێستێكی دیكە لە ژیاننامەكەی دڵداردا بەدی دەكرێت كە زۆر سەرنج راكێشە كاتێ كە ناسنامەی كوردبوونی پێدەدرێت لە رێگای وەرگرتنی وێنەیەكی (شێخ مەحمودی مەلیكی كوردستان)؛ بێ ئەوەی زانیارییەكی دروستی هەبێ دەربارەی سنوری نیشمانی كوردستان و كەسایەتییەكەی شێخ مەحموود (عەبدالخالق علاء الدین:٣٥). بەڵام ئەمە رێگر نەبووە، بەڵكو شێخی خۆشویستووە و زۆر هۆگری بووە بە رادەیەك كە وێنەكەی نیشانی منداڵان داوە بۆ ئەوەی ئەوانیش بیناسن.

هزری نەتەوەیی دڵدار لە( ١٧) ساڵیدا زیاتر گەشەی كرد ئەمەش لە ئەنجامی خوێندنەوەی كۆمەڵێك كتێبی مێژوویی دەربارەی شۆڕشی فەرەنسا و یۆنانییەكان و كتێبی تەئریخی كورد و

كوردســـتانی ئەمین زەكی بەگ و مێژووی میرنشـــینە كوردییەكان (عەبدالخالق علاء الدین: ٥٠)؛ كە دواتر بە قوڵی كاریگەری لەسـەر شـیعرەكانی دانا. دڵدار زۆر تێنووی بیروباوەڕی شـۆڕشـگێڕانەی كوردەواری بووە و دەرفەتی لەدەســـت نەداوە بۆ ئاشـــنابوون لەگەڵ هاوبیرەكانی، بۆیە خۆی لێ نزیک كردینەوە و سـوودی لێ وەرگرتوونە . هەروەک خۆی لە یادداشـتەكانی باسـی دەكا بە هۆی ئاشـنابوونی لەگەڵ خوێندكارێكی كورد كە لە بەغدا دەیخوێند دوو كتێبی دی خوێندۆتەوە. یەكێكیان دەربـارەی مێژووی خەبـاتی گەلی پۆلۆنیـایە و ئەوەی دیكەش كتێبی (القضـــیە الكردیە) ی بلەچ شـــێركۆیە، كە بە هۆیەوە توانیویەتی زانیارییەكی زۆر دەربارەی ئەو ریســـواگەرییانەی توركیا بەدەست بهێنێ كە دژ بە كورد ئەنجامی داوە(عەبدالخالق علاء الدین: ٥٥).

**هزری نەتەوەیی دڵدار لە دیدو بۆچوونی هەندێک لە نووسەران و رەخنەگرانی ئەدەبەوە**

دڵدار وەک شـــاعیرێكی پێشـــكەوتووخواز و نەتەوەخواز لە لایەن رەخنەگران و مێژوونوســـانی ئەدەبی كوردییەرە بایەخێكی زۆری پێدراوە و هەڵسەنگاندن و نرخاندن بۆ شیعرەكانی كراوە و بە شاعیرێكی نەتەوەیی هەژماركراوە. ئەمەش بۆ بەهێزی و رەوانی بنیاتی زمانی شیعری و ناوەڕۆک و بابەتی شـــیعرەكانی دەگەڕێتەوە كە پەیوەســـت بووە بە كێشـــە و ژیان و رابردوو و ئایندەی نەتەوەكەی.

رەفیق حلمی دەربارەی دڵدارییێ وایە كە ئەو خاوەنی بیرێكی قوڵ و ژیرانە و گیانێكی خاوێن و هەســـتێكی بەرز و بیركردنەوەیەكی هاوچەرخانەیە. بە جۆرێک كە لەبەر داب و نەریتەوە ناتوانرێت شیعرەكانی بڵاوبكرێتەوە(٢٠١٠، ل١٢٢-٢٣). ئەو دوارۆژێكی پرشنگداری بۆ دڵدار پێشبینی كردووە و دواتریش پێشـبینییەكەی راسـت دەرچووە، كاتێ دەنووسـێ و دەڵێ: (( هەرچەند بەهۆی منالی و خەریكبوون لەگەڵ خوێندن، زۆری شیعر دانەناوە و ئیمڕۆ لە شاعیرە ناودارەكان ناژمێررێت، بەڵام بەو شـــیعرانەیا كە هەیە و بەرچاوی ئێمە كەوتووە و بە نوور و گەوهەری ئەو زەكایەدا كە لەم چەند شـیعرەدا ئەبینرێ، جێگەی شـک نییە كە دڵدار، شـاعیری تەجەدودپەروەر و ناوداری دوارۆژ ئەبێ))( رەفیق حلمی:١٢٤).

هەرچی دەربارەی هزرە نەتەوەییەكەی دڵدارە، نووســـەر بە ئاشـــكرا و راســـتەوخۆ ئاماژەی بۆ نەكردووە، بەڵكو لە رێگای چەند نمونەیەكی شـیعرییەوە هەوڵ دەدات نیشـانی خوێنەر بدات دڵدار خاوەنی ئەو هزرە بووە. هەروەها بە ناسـاندنی دڵدار بەوەی كە هاوشـار و( هاونیشـتمانی حاجی قادری كۆیییە و لەســـەر هەمان رێباز رۆیشـتووە)(رەفیق حلمی:١٢٤)، بە شـێوەیەكی ناڕاسـتەوخۆ پێمان دەڵێ كە هەستێكی بەرزی نەتەوایەتی هەبووە.

كوردسـتان موكریانی لە پێشـەكی دیوانەكەیدا لە ژێر ناونیشـانی دڵدار و هەسـتی نەتەوایەتی باسـی دڵدار و هزرە نەتەوایەتییەكەی دەكاو دەنووســـێ: (( (ئەی رەقیب) كە بە نرخترین و نـایـابترین هۆنراوەی نیشـتمانی دڵدارە .. بەسـەرهاتی میللەتی كوردی خوێناوی دەخاتە روو .. بە دڵێكی پڕ لە

ویســـت و هیوا و ئاواتەوە چاوی بڕیوەتە ئاســـۆی روونی کورد .. چونکە لاوی خوێن گەرمی ئەمڕۆی کورد وەکو لاوی مادی دوێنێ بۆ بەرزکردنەوەی ئالآی کوردســـتان وا لە کۆڕی خەبات دایە))(دیوانی دڵدار،١٩٧١،ل ١١).

نوسەرێکی دی لە باسکردنی دڵدار و بەرهەمەکانیدا بێ ئەوەی ئاماژە بۆ سەرچاوەکان بکات چەند نمونەیەکی شـــیعری نەتەوەیی و دڵداری و کۆمەڵایەتی و چەند زانیارییەک دەربارەی ژیان و بەرهەمەکانی دەنووســـێ و لە کۆتاییدا دەڵێ: ((دانانی کۆمەڵێک شـــیعری بە ســـۆزی نەتەوایەتی و زانست پەروەری و کۆمەڵایەتی و دڵداری و فەلســـەفی و بابەتی ریالیزمی نیشـانەیەکی دیکەی ئەو بەهرە و توانایەی شاعیرن))( مەلا سامان هەڵەبجە ،٢٠١٤،ل ٦٧).

مســـعود محمد دەربارەی هزری نەتەوەیی دڵدار دەڵێ: (( فکری خەســـتی قەومایەتی دڵدار کە لە ســـرودی(ئەی رەقیب)دا دەردەکەوێت و وێنەکێشـــی ویژدانی کۆمەڵایەتی ئەوســـایەتی، لە وتووێژدا خەستتر و پاڵاوتەتر رابەرپەرست خۆی دەنواند))( (عەبدالخالق علاء الدین:٦٧).

ســـەفی زادە کە نووســـەر و مێژونوســـێکی ئەدەبی کوردی ئێرانییە و لە کتێبەکەیدا کاتێ کە باســـی دڵدار دەکات دوور و نزیک باسی هەستە نەتەوەییەکەی ناکات و بەکورتی باسی ژیانەکەی دەکات و چوار نمونەی شیعری لە بابەتەکانی ئامۆژگاری بۆ منداڵان و لاوان ودڵداری و وەسفی نیشتمانی هێناوەتەوە. بە بۆچوونی ئێمە نووســـەر مافی تەواوی نەداوەتێ و دەکرا زیاتر باســـی شـــاعیر و هزرەکەی بکات(سدیق بۆرەکەیی،٢٠٠٨،ل ٧٨١-٨٢).

لێکۆڵینەوەیەک کە بە شـــێوەیەکی تێروتەســـەل دەربارەی دڵدار و بەرهەمەکانی دڵدار کرابێت لە لایەن د. مارف خەزنەدارەوە ئەنجام دراوە. ئەو لە (٢٧) لاپەڕەدا زانســـتیانە باســـی شـــیعرەکانی کردووە و مەبەست و ناوەڕۆک و روخســـاری شـیعرەکانی دیاری کردووە. هەروەها باسـی وتارە پەخشـانییەکانی کردووە و بەشـێک لەو قەسـیدەیەی بڵاوکردۆتەوە کە دەربارەی روانینی دڵدارە بۆ ئایین و سـەرچاوەکەی. ئەو قەسـیدەیەی کە کاتی خۆی رەفیق حلمی لەبەر هەستی ئایینپەروەران و داب و نەریت بڵاوی نەکردبووە. ئەو بەشـــێکی لێ بڵاوکردۆتەوە. خۆزگە بەڕێزیان بۆ ســـودی گشتی تەواوی قەسیدەکەی بڵاو دەکردەوە. دەربارەی هزری ناسیۆنالیستی دڵدار، خەزنەدار دەڵێ: (( ســەرانســەری دیوانی دڵدار لە چوارچێوەی ئیدیۆلۆجییەتی پێشـکەوتوو دایە بۆ جاککردنی باری ژیانی کورد وەکو نەتەوەیێکی دەسەڵاتی لە دەس خۆی نییە))(٢٠١٠،ل ٥٦٨).

هەروەها دەربارەی سرودی نەتەوەیی ئەی رەقیب دەڵێ: (( سرودێکی نیشتمانی شۆڕشگێرییە، لە لایەن هەموو کوردێکەوە بووە بە ســـرودی نەتەوە، لەبەرئەوە کۆماری کوردســـتان لە مەهابادی موکریان کردبووی بە ســـرودی رەســـمی، ئەی رەقیب بۆ کورد لە پلەی ســـرودی مارســـێلیزە بۆ فرەنسـی))(د.مارف خەزنەدار: ٥٧٣). ئەو سـرودە دواتر دەبێتە سـرودی حکومەتی هەرێم و زۆر لە حیزب و رێکخراوەکانی تریش لەسەر ئاستی کورستانی گەورەدا.

**شیکارییەک بۆ هزری نەتەوەیی دڵدار لە بەرهەمەکانیدا**

سـەردەمی دڵدار سـەرهەڵدانی بەهێز و ژیاندنەوەی بیری نەتەوایەتی بووە. هەر ئەوەش وای لە دڵدار کردووە سرودی حەماسی نەتەوەیی پڕ لە جۆش و خرۆش بهۆنێتەوە. بە جۆرێک کە (شیعرەکانی وێنەیەکی روون و رەوانی بیرکردنەوەی هاوچەرخانەیە) (رەفیق حلمی: ١٠).

سـەردەمی دڵدار لە لایەک سـەردەمی هۆشیاری و ژیاندنەوەی هەستی نەتەوەیی بووە لە ناوچەکە و جیهاندا, لە لایەکی دی بەردەوام لە لایەن دەسـەڵاتدارانی گەلانی سـەردەستەوە زوڵم و ستەم لە کورد کراوە و هەوڵی توانەوە و لاوازکردنی دراوە. ئەم بارودۆخە وای لە دڵدار کرد کە خۆی لەناو رێکخستنێکی حیزبیدا ببینێتەوە. باشترین حیزبیش ئەو کات حیزبی هیوا بوو. دڵدار ((یەکێک بوو لە چالاکترین ئەندامانی پارتی هیوا و گەرمترین دەمەتەقەی بە دەوری کردەوە و رەفتاری ئەو حیزبە و ئەندامەکانی بەرپادەکرد))( مەسعود محەمەد، عەبدالخالق علاء الدین، ٦٤). بۆیە دڵدار چەند شیعرێکی سیاسی بۆ بەرگری لە گەلەکەی دەهۆنێتەوە کە پڕ لە هەسـت و سـۆز و ئەندێشـەی نەتەوایەتییە. ئەگەر چی شـیعرە نەتەوەییەکانی بە ژمـارە زۆر نییە، بەڵام بە بیر و پەیـام و نـاوەڕۆک کـاریگەرییەکی بێ هـاوتـای هەبووە لەسـەر تاکی ناسـیۆنالیسـتی کورد. هەر بۆ نموونە یەکێک لە شـیعرەکانی (ئەی رەقیب) بۆتە سـرودی نەتەوایەتی کورد بۆ هەموو پـارچەکـانی کوردسـتـان. هەروەهـا ئەو سـرودانەی کە بۆ منداڵان و نەوجەوانانی کوردی نووسـیوە، لێوانلێوە لە هەسـتی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری. بۆ نمونە لە یەکێکیاندا دەڵێ:

من رۆڵەی کوردستانم تازە رۆڵەی کوردانم
تاکو وڵات سەرکەوێ فیدایە رۆح و گیانم

(عەبدالخالق علاء الدین: ١٩٩)

لە تێکستە شیعری (ئەی لاو)دا داوا لە لاوانی کورد دەکات کە وەک لاوانی گەلانی دیکەی جیهان بێدار وهۆشـیار بن و بیر لە چارە نووسـی گەلەکەیان بکەنەوە کە لە ژێردەسـتیدا دەژی و هەوڵ و کۆشش بکەن و پلان دانێن بۆ ئازادی و هیوایان پێ دەبەخشێ و دەڵێ:

لە ساتێکی وها تەنگ و لە کاتێکی وها پەستی ....
کە عالەم گشتی هەستاون ئەبێ کەی تۆش لە خەو هەستی
بە چاوی راستەقینە سەیری خۆت کەیت و بکەی هەستی
کەوا مەحرومی سەربەستی لە ژێر دەستانا ژێر دەستی
لەگەڵ لاوی نهێنی کورد بڵێ سەربەستی سەربەستی

(عەبدالخالق علاء الدین: ١٩٤)

دڵدار زانیارییەکی باشی هەبووە دەربارەی مێژووی دێرینی کورد و خەبات و شۆڕشی ئازادیخوازانەی گەلان و گەیشتنیان بە سەربەخۆیی. ئەو ئاواتە خوازە کورد بەو ئامانجە

بگات بۆیە بانگیان دەکات کە کۆتایی بە زەلیلی و داماوی خۆیان بێنن. لە تێکستە شیعری(ئەی کورد) دا دەڵێ:

ئەرێ ئەی کورد لە نێوگەلدا هەتاکەی مات و داماوی؟
کە عالەم سەربەخۆن گشتی ئەتۆش پەیوەندی نێوداوی

(عەبدالخالق علاء الدین : ١٩١)

دڵدار لە سرودێکی تردا لەناو سروشتی جوانی شاخ و باغ و دەنگی شمشاڵ و قاسپەی کەو و خورەی ئاوی تاڤگەکانی کوردستاندا تواوەتەوە و کوردستانی بە خالق و قیبلەگای خۆی داناوە و دەڵێ:

کوردستانی خۆش، نیشتمانی جوان
تۆ قیبلە گاهی منی بێ گومان (عەبدالخالق علاء الدین : ١٨٢)

ئەگەر لە هزری ناسیۆنالیستی دڵدار بگەڕێین لە بەرهەمە پەخشانییەکانی، جگە لە یادداشتەکانی کە لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی بۆ کراوە، شتێکی تری ئەوتۆمان دەست ناکەوێت. ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وتارەکان وتاری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، زمانەوانی، فەلسەفی، شیکردنەوەی ئایینی و کۆمەڵایەتی بوونە. لەگەڵ ئەوەشدا لەو سات و رۆژگارەی ئەودا زۆر ئاساییە بگوترێت پاڵنەری بنچینەیی بۆ نووسینی وتارەکانی (زوبانی کوردی و ئەدەبیات) و (نووسینی کوردی) هزرە نەتەوایەتییەکەی بووبێ.

### دڵدار لە نێوان هزری نەتەوەیی و هزری رەخنەی ئایینی و فەلسەفیدا

دڵدار وەک شاعیرە کوردە ناسیونالیستەکانی تر توانیویەتی ((خۆی بە هۆش و بیرێک چەکدار بکات کە توانای راڤەکردنی دیاردە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکان و ئاشکراکردنی هۆکارەکانی هەبێت))(د.شکری عزیز الماضی،٢٠١٠، ل١٣٥). ئەم هزرە نەتەوایەتییە لە ناو بیر و بابەت و ناوەڕۆکی شیعری شاعیراندا پەیوەستە بە تیۆری رەنگدانەوە. ئەو تیۆرەی داوا لە نوسەر و شاعیران دەکات (( بڕوا بە بیری سۆسیالیستی زانستی بێنن و لە ئەدەبەکەیاندا گوزارش لەو بەها مرۆڤاتیانە بکەن کە وایان لێهاتووە نوینەرایەتی ئایدیۆلۆجیا بکەن، وەک یەکسانی کۆمەڵایەتی و ئازادی رامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابوری و مافی گەلان لە بڕیاردانی مافی چارەنووسیان..... هتد))(د. الماضی: ١٣٨). دڵدار کە خاوەن هزرێکی نەتەوەیی بووە و بە هۆی دڵسۆزی و چالاکییەکانییەوە لە ناو پارتی (هیوا)دا گەیشتە پلەی سکرتێر. هەروەها (( زۆر جار داندراوە بە سەرۆکی لیژنەی سەرپەرشتی کردنی ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆز. بە زۆری وتاری پێشەکیش هی ئەو بووە))( عبد الخالق علاء الدین: ٨٨).

دڵدار له بواری کۆمەڵناسـی نەتەوەییەوە لێزانانە شـیکردنەوەی بۆ کۆمەڵی کوردەواری کردووە. لەوساوە تا رۆژگاری ئەمڕۆمان دەبینین گۆڕانێکی پێشکەوتووی ئەوتۆ لە بنیات و بیرکردنەوە و هەسـتی دەسـتە جەمعی ئەو کۆمەڵە رووی نەداوە. ئەو دەڵێ: ((میللەتی کورد خـاک و زوبـانی هەیە، بەڵام بە نەبوو دانراوە. میللەتی کورد مەوجوودە، بەڵام نەخۆشـە. گیانی تێدایە، بەڵام ناتوانێ راسـت ببێتەوە. زوبانی هەیە، بەڵام ناتوانێ بدوێ. چاوی هەیە، بەڵام نابیسـێ. ئەتوانم کە میللەتی کورد وا دانێم کە تازە گرانەتای بەردابێ، بەڵام لە تەوژمی ئەم نەخۆشـییە مێشـکی تێک چوو و چاوی گران و گوێ کەڕ و زوبانی لەنگ بووبێ))(عبد الخالق علاء الدين:١٥٠-٥١).

دڵدار هەروەک لە پێشـوودا ئاماژەمان بۆ کرد، لە منداڵییەوە خۆی خەریک کردووە بە هزری نەتەوایەتی و ئایینیی و زۆر بیری لێکردۆتەوە. ئەمەش زۆر جار کێشـەی بۆ دروسـت کردووە. دڵدار لە یادداشـتەکەیدا باسـی بنەماڵەکەی دەکات کە چۆن بەرماڵی پێغەمبەر کەوتۆتە دەسـت بنەماڵەکەی و بە درێژی باسـی ئەمە دەکات. هەروەها لە حوجرەدا وانەی قورئانی خوێندووە و باسـی کەش و هەوای ناو سـوختەخانە دەکات کە چۆن لەسـەر کەمترین شـت فەلاقە کراون و کاتێکیش لە خوێندنگا وەردەگیرێ و چۆتە ماڵەوە بە دەنگێکی بەرز گوتوویەتی: (( چیتر ناچمە سـوختەخانە. ئێسـتا چوومە مەکتەب خۆم قەید کرد))( عبد الخالق علاء الدين:٢٨).

دڵـدار هەروەک خۆی دەگێڕێتەوە جـاروبـار هـاتوچۆی مزگەوتی کردووە و لەگەڵ فەقێیەکان گفتوگۆی توندی کردووە و بەوە تاوانباریان کردووە کە نوێژ ناکا و کافر و مولحیدە و لە ئاگری دۆزەخدا دەسـووتێت. دڵداریش فەقێیەکانی بە نەزان و درۆزن تاوانبارکردووە و بەڵام ئەو بە باوەڕ بە خۆبوونەوە پرسـیارگەلێکی وەک: ئێوە عیبادەتی ئەوهـام دەکەن؟ وەرن تێم بگەیەن دین چییە؟ ئەنجـام ئەو جۆرە گفتوگۆیـانە گومـان و دوودڵی بۆ دروسـت کردوووە و پرسـیاری لە خۆی کردووە کە خودا چییە؟( عبد الخالق علاء الدين:٤٤).

ئەم گفتوگۆ توندانە و بیرکردنەوە قوڵانە و پرسیارە جیدیانەی دڵدار لە پازدە ساڵیدا هەر لە مزگەوتدا نەبووە، بەڵکو ئەو پرسـیارانەی لە دایکیشـی کردووە: تۆ بۆ نوێژ دەکەی؟ خوا لە کوێنـدەرە؟ دڵـدار بە وەڵامەکـانی دایکی رازی نـابێت و بە گریـانەوە داوای نیشـاندانی خوای لێ دەکات. دایکیشـی وزەی نامێنێ و بەرگەی ئەو کفرییەی کوڕی ناگرێ و زللەیەکی لێدەدات. لەوکاتەوە دڵدار خوای بەشتێکی ترسناک هاتۆتە پێش چاو (عبد الخالق علاء الدين:٤٤).

دڵدار نەک هەر لە مزگەوت و ماڵەوە بە دوای وەڵامی ئەم پرسـیارانە بووە، بەڵکو لە قوتابخانەشدا پرسیاری لە مامۆسـتاکەی کردووە: خوا چۆنە؟ ئەویش وەڵامی دەداتەوە؛

بەڵام دڵدار گفتوگۆی توندی لەگەڵ دەکا و مامۆستاکەش چوار داری لە دەست دەدات(عبد الخالق علاء الدين:٤٤).

بە داخەوە تا ئێستا بە تەواوی ئەرشیفی شاعیر نەکەوتۆتە بەر دیدی خوێنەر و لێکۆڵەران تا رامان و بیرکردنەوە دژە ئایینییەکەی بە وردی و بە شێوەیەکی بەربلاوتر شیکردنەوەی بۆ بکرێت. لە ئەنجامی ئەو بیرکردنەوانە و لە کۆتاییدا دڵدار بەرەو فەلسەفەی وجود و لێکۆڵینەوە بەرەو ئایینی بەهاییەکان دەبا و دوو وتار بە زمانی عەرەبی دەنوسێ، هەرچەندە وەک کەشکۆڵ ماونەتەوە. هەروەها وتارێک دەربارەی فەلسەفەی ئەدەب دەنووسێ و بڕوای بەو تیۆرە هەبووە کە بنچینەو سەرچاوەی ئەدەبیات ماددەیە و ئامانجیش لێی پەی بردنە بە زانین و هەستی (عبد الخالق علاء الدين:١١٢).

دڵدار یەکەمین شاعیری کوردە بوێرانە و ئازایانە و بێباکانە لەشیعرەکانیدا تێگەیشتن و جیهانبینی تایبەتی خۆی دەربارەی ئایین و خودا ئاشکرا کردووە. خوێندنەوەی ئەو بۆ خودا و ئایین زۆر جیاواز بووە لەگەڵ ئەو کۆمەڵەی کە تێیدا ژیاوە. ئەو باکی نەبووە کە نیشتمان بە قیبلەگا و ئایین و خوای خۆی بزانێت :

چونکە کوردستان، کوردستانی جوان

قیبلەمی، دینمی، خوامی، بێگومان! (عبد الخالق علاء الدين: ١٨٢)

دڵدار بێ سڵەمینەوە کەرەسە پیرۆزەکانی ئایینی لە خزمەت دەربڕینە شیعرییەکانی بەکارهێناوە:

خودای شیعر و پەری هیوای بڵێسەی هەستی بەرزی تۆ

هەواڵی هاوڕەگ و خوێنی فریشتەی شۆخی میدیایی (عبد الخالق علاء الدين: ١٩٨)

دڵدار ئامۆژگاری لاوانی کورد دەکا بە ژیانپەروەری و ژیان دۆستی. هەروەها یەکێ لە سێ بنەما سەرەکییەکەی ئایینی زەردەشتی کە (رەفتاری باش)ە بە بنچینە وەردەگرێت و دەڵێ:

لە دنیادا هەقی ژینت هەیە تاکو نەفەس دانێی

بەڵام چاکە و رەوشتی چاک دەبێ ئایین و دینت بێ (عبد الخالق علاء الدين:١٧٥)

دڵدار وەک شاعیرێکی رۆشنبیر بیروڕا فەلسەفییەکانی دەربارەی بوون و ژیان و خودا لە چوارینەکانی (عومەر خەیام)دا دەدۆزێتەوە کە بە زمانەکانی فارسی و کوردی و عەرەبی خوێندۆتەوە. ئەمەش لەو وتارەیدا دەردەکەوێت کە لەمەڕ خەیام و چوارینەکانی نووسیوە و دەردەکەوێت تێگەیشتنێکی باشی بۆ پەیام و ناوەڕۆکی چوارینەکان هەبووە. بیروڕای خەیامییانە لە شیعرەکەی (ئەی خودایە) دا بە روونی رەنگی داوەتەوە، کاتێ دەڵێ:

ڕێگەیی بەش کردنی رزقت لە دونیا شاهدن..
هێندێ کەس ئەفرادی لۆرت و هێندێ کەس نانی نیە (عبد الخالق علاء الدین: ١٨٤)
لە کۆتایی شیعرەکەیدا هەست بە مەترسی دەکا و چاوەڕوانی دەرکردنی فتوای کوشتنی خۆی دەکات لە لایەن پیاوانی ئایینیەوە و دەڵێ:
رەنگە کەم دیدە و مەلایان هانی خەڵقی وا بدەن
کوشتنی دڵدار حەڵاڵە چونکە ئیمانی نییە (عبد الخالق علاء الدین:١٨٥)
قەسیدەیەکی تری دڵدار کە دەربارەی بیروباوەڕیەتی لەسەر ئایین (٢٩) دێرە شیعرە و تەنها (١٣) دێری لێ بلاوکراوەتەوە، (ئادەمیزادی و ئەدیان)ە(خەزنەدار:٥٨٥). ئەو لەو قەسیدەیەدا بڕوای تەواوی بە (تیۆری پەرەسەندن Evolution Theory)ی داروین بووە. هەروەها خودا و ئایین و ئایینزاکان بە دروستکراوی بیری خودی چینێکی دەسەڵاتدار دادەنێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانج و بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان و چەوساندنەوەی مرۆڤ:
لە بۆ تەحقیقی ئەم غایە بە وردی کەوتە تێ فکرین
لە بیر و فەلسەفەی خۆیا (خودا و مەزهەبی) هانی (د. مارف خەزنەدار:٥٨٦)
دڵدار دواتر باسی شەڕ و ناکۆکی و کێشمەکێشی بێکۆتای نێوان ئایین و ئایینزاکان دەکات بە درێژایی مێژووی شارستانییەتی مرۆڤدا؛ کە کوشتنی ملیۆنەها کەس و وێران کردن و سوتاندن و تالانکردنی هەزاران شاری ئاوەدانی لێکەوتۆتەوە و دەڵێ:
هەزاران شاری مەعموور وقوسوور و شانەنشینیان گرت
وەکو شێت کەوتنە تێکدان و رمان و یاخو سووتانی
(د. مارف خەزنەدار:٥٨٧)
لێکچوون و نزیکی بیروڕا فەلسەفییەکانی دڵدار لە دوو قەسیدەی(تەلیسمەکان) و (زەریا)ی (ایلیا ابو ماضی)یش دەردەکەوێ کە زۆر سەرکەوتووانە هەر بە شیعر وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. بە جۆرێک خوێنەر هەست ناکات شیعرێکی وەرگێردراو دەخوێنێتەوە (عبدالخالق علاءالدین:١٤٢-٤٤).
دەربارەی جەژنی نەورۆز دڵدار لە وتارێکی دا زانستیانە شیکردنەوەی بۆ کردووە و لە روانگەیەکی مرۆڤدۆستییەوە تەماشای ئەو جەژنەی کردووە و رەتی کردۆتەوە جەژنەکە تەنها هی گەلی کوردبێ، بەڵکو پێی وابووە کە ئەم جەژنە زۆر دێرینە و جەژنی نوێبوونەوەی سروشت و جەژنی گەلانی رۆژهەڵاتە.

## ئەنجام

١- دڵدار یەکێکە لەو شاعیرە دەگمەنە کوردانەی ژیان نامەی خۆی نووسیوەتەوە و تێیدا وردەکاری ئەو رووداوانە باس دەکات کە بەســـەر خۆی و بنەماڵەکەیدا هاتووە. هەروەها بیروبۆچوون وجیهانبینی خۆی سەبارەت بە کێشە جۆراوجۆرەکان بە ئاشکرا دەربڕیوە.
٢- دڵدار راستە وەک شاعیرێکی نەتەوەپەروەر بەهۆی سرودە حەماسییەکانی ناسراوە، بەڵام لە هەمان کاتدا وەک سیاسەتزان و وەرگێڕ و کۆمەڵناس و نووسەرێکی بە تواناش دەژمێردرێت، کە ماندوونەناسانە بە شێوەی جۆراوجۆربەشداری چالاکانەی کردووە لە پێناوی گەلەکەی.
٣- دڵدار بە یەکەم شـــاعیری کورد دادەنرێت کە بوێرانە و ئازایانە جۆرە شـــیعریکی داناوە کە دەکرێت پێی بگوترێت شیعری رەخنەی ئایینی لە ئەدەبی کوردیدا کە پێشتر ئەو جۆرە شیعرە لە ئەدەبیاتی کوردیدا باو نەبووە.
٤- تا ئێســـتاش کۆمەڵی کوردی بە بیانوی جۆراوجۆرەوە بە دەســـت داخراوی بیری تاکەکانی و نەریتی کۆنەخوازی دەناڵێنێ و ئەمەش بۆتە رێگر لە ئـازادکردن و بڵاوکردنەوەی تەواوی ئەرشیفەکەی دڵدار.
٥- دڵدار نەک هەر لە داهێنانی شـیعری نەتەوەیی خاوەن هزرێکی ناسـیونالیسـتی بووە، بەڵکو لە بواری فەلسەفەی ژیان و مرۆڤدۆستی و رەخنەی ئایینیش پێشەنگ و سەرامەد بووە.

## سەرچاوەکان


**بە کوردی:**

١- ئەنتۆنی دی سمیس: نەتەوەخوازی تیۆری و ئایدیۆلۆجی و مێژوو،٢٠٠٤ ، چ١، و: هۆشیار عەبدورەحمان سیوەیلی، هەولێر.

٢- ئۆفرا بینگیۆ: کوردی عێراق بنیتنانی دەوڵەتێک لەناو دەولەتدا، ٢٠١٣، چ١، و: سۆران مستەفا کوردی، چاپخانەی هەولێر، هەولێر .

٣- احمد خانی: مەم و زین، شرح و ترجمە جان دوست ،٢٠٠٨، ط١، دار الزمان، دمشق.

٤- د. مارف خەزنەدار: مێژووی ئەدەبی کوردی،٢٠١٠، چ٢، ب ٥، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٥- د. رەشاد میران: چەند بابەتێکی ئێتنۆ-کۆمەڵایەتی، ٢٠١٠، چ١، ب١ ، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٦- رەفیق حلمی: شیعرو ئەدەبیاتی کوردی،٢٠١٠، چ ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٧- مەلا سامان هەلەبجە: گوڵستان ژیانی ناوداران و شاعیرانی کورد، ٢٠١٤، چ١، چاپخانەی هیڤی، هەلەبجە.

٨- سدیق بۆرەکەیی(سەفی زادە): مێژووی ویژەی کوردی، ٢٠٠٨، چ٢، ب٢، چاپخانەی دەزگای ئارس، هەولێر.

٩- د. شکری عزیز الماضی: تیۆری ئەدەب، ٢٠١٠، و: د. سەردار عەزیز گەردی، چ١، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

١٠-عەبدالخالق علاء الدین: دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد، ١٩٨٥، مطابع دار آفاق عربیە للصحافە و النشر، بغداد.

**بە فارسی:**

١--اوموت اوزکرینلی: نظریەهای ناسیونالیسم،١٣٨٤، فصلنامە مطالعات ملی، سال ششم، شمارە ٤، تهران.

**سایتەکانی ئینتەرنێت:**

١- (www.vajehyab.com / ٢٠١٧-١٢-٢٣)

٢- (ckb.wikipedia.org، ٢٠١٧-١٢-٢٣)

## ملخص البحث

يعد دلدار احد الشعراء والكتاب القوميين والذي ذاع صيته بأشعاره الحماسية بين ابناء جلدته. وقد اتخذ الكرد احد اشعاره كنشيد وطني فى كل العالم. وهو يعتبر من احد الشعراء الكرد القلائل والذي كتب سيرته الذاتية ومن خلالها نتبين بأنه عاش صراعا مريرا و مفارقات عجيبة بين الفكر القومى المتطرف و فكر النقد الدينیّ والفكر الفلسفي و سواء كان في البيت او المسجد او المدرسه؛ كان دائما يجادل ويطرح اسئلة محرجة حول الدين، وبالنتيجة واجه مشاكل كثيرة و اتهم بالكفر والالحاد.

يتكون البحث من قسمين: يتناول المحور الاول من القسم الاول الفكر القومى، المفهوم والتعريف، حيث بحث فى هذا المحور مكان و زمان ظهور هذا الفكر وأنواعه. و يتناول المحور الثاني الفكر القومي الكردي من حيث تاريخ نشوئه و أهدافه و إنعكاساته على الشعر الكردي القديم. يتكون القسم الثاني فى البحث من عدة محاور: الاول بعنوان الفكر القومي فى مرحله طفولة و مراهقة( دلدار) و فيه يذكر من خلال سرد مذكراته كيف عرف بأنه يحمل الهوية الكردية و بدأ بقرآة الكتب التاريخية لنضال الشعوب من أجل الاستقلال. وفي المحور الثاني من البحث نتناول الفكر القومي ل(دلدار) من خلال تغطية عدة كتب يتناول مؤلفوها الفكر القومي للشاعر نقدا و تحليلا. وهناك محور ثالث حول تحليل فكر القومي للشاعر فیّ كلتا نتاجاته الشعرية والنثرية. فى المحور الاخير للبحث نوضح الفكر القومي و فكر النقد الديني و الفلسفي للشاعر حيث نذكر فيه بأن كثيرا من أرشيفه مخفيه لحد الان ولا يسمح بنشره لاسباب عديدة وهذا يعود بضرر فادح بحيث لا يتمكن القراء و الباحثون من اطلاع عليها. وفى الختام؛ توصل الباحث الى عدة نتائج عن هذه الدراسة.

## Abstract

Analytical reading of the National Thought in the life and writings of “Dildar”

This research studies ideological level of the poet (Dildar, 1918-1948)) and consists of two parts.

Part one deals with two topics. First is an introduction about definition and concept of National Thought. The researcher tried to improve the strong relationship between literature and ideology. It's seen that the brief history about evolving of the National Thought in the world and its kinds.

The second topic explains the Kurdish National Thought like its history, goals and reflection in the classic poetries.

Part two includes three topics. First shows the National Thought of poets childhood according to his biography. Second topic discusses the opinions of some Kurdish critical writers; who wrote about Dildar such as Dr. Marif Xeznedar and Refiq Hilmi. The last and the main topic is the analysis of poet’s National Thought in his poetry and prose. The reader will discover that Dildar was the first poet in Kurdish literature who dares to declare dangerous and critical ideas about religion. Finally a number of conclusions are drawn which have been pointed out by the researcher.